# ئاهەنگی هامبەرگروچەند شیعرێکی تر



ئیزابیل کەمال

و/عەلی نارێنی

کەس بە پیتێك نەهاتە دووان

نە چاوێك بریسکایەوە

نە لێوێك بزە گرتی

ددانەکان چیرۆکی خۆیان دەگێڕایەوە

لە بارەی پاروی هەمبەرگەرو کاتشبەوە

مێزو کورسییەکان

بە سەر ئاهەنگی بێدەنگیدا ورووژان

رەشەبا گوێی لە

میاواندنی پشیلەیەك بوو بە سێ قاچەوە

خۆریش چاوی لە قاچی مێزەکە بوو

پیلان دەگێڕێ

خۆراك لە زارە تێرەکانەوە هەڵدەفڕی

دایکێکی داماویش هاواری کرد

کوڕەکەم!!!

## زیندان

راهاتووم

**راهاتووم بترسم**

**راهاتووم گوێڕایەڵ بم**

**راهاتووم کە رابێم لە**

**زیندانەکەم ویاساوڵەکەی و..**

**ئامرازەکانی ئەشکەنجەدانم**

...

**حاڵم بووە بە**

**جۆرێك لە نیشتمان وغوربەت**

....

**یاساوڵەکە حەزدەکات هەندێك جار**

**پەنجەرەکەم بە کراوەیی بهێڵێتەوە**

**باڵام بەرز دەبێتەوەو....**

**مەوداش فراوانتر**

**دەستی گەرمی هەتاو**

**دەدا لە گۆناکانم**

**خۆشحاڵ دەبم و...**

**خەم دەخۆم**

**هەستیش دەکەم بەوەی**

**سەری پەنجەکان پیرۆزیان کردووە**

**شایی بۆ دەگێڕم و..**

**هەست بە بزاوت دەکەم**

.....

**لە زیندانەکەمدا**

**بێ پلان**

**یاری بە وەهمەکان ....**

**هەوری دڵم دەکەم و...**

**وێنەی دوو لەپی گەرمیش دەکێشم**

....

**لە زیندانەکەمدا**

**بێ ئاینده**

**یاری بە زستانی هەمیشەییم دەکەم**

**وێنەی مەمکێکی گوڵکردوش دەکێشم**

**کە نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات**

**....**

**لە زیندانەکەمدا شکستەکانم و..**

**نەخشە تاڵانکراوەکانی هۆزەکەم دەدۆزمەوە**

**لە بازنەی نەبوونیشمدا**

**بە خوێنم**

**شەبەنگی خۆشەویستەکەم دەکێشم**

**....**

**لە زیندانەکەمدا**

**بێ هەتاو**

**بە دڵێکی لە بەر چووو**

**خۆشەویستییەوە**

**نەفرەت لەو پیاوەی دەکەم**

**لە شەوێکدا تکاندمی ورۆشت**

## نیشتمانەکەم

**نیشتمانەکەم**

**کە لە شەوێکی تاریکدا**

**هەتاوەکەی خۆیی فرۆشت**

**بەڵگەکانی رازاوەییشی**

**لە گەشتێکی دۆڕاودا ونکرد**

**ئەو پێی نییە**

ئارەزووش دەكات

بە نێو وڵاتاندا بڕوات و..

شانازی بە نینۆكە پۆخڵەكانییەوە بكات!!

....

نیشتمانەكەم

چاوەكانی خۆیی دەرهێنا

تا ئەرك نەنوسێتەوە

نیشتمانەكەم لووتی خۆیی بڕی و..

موشەكێكی گرتە باوەش

گوێكانیشی بڕی

ئیتر گوێبیستی شیعری خۆشەویستی،

یان سكاڵای كۆرپەلەیەك،

یان كرمێكی وشكەوە بوو نابێ!

....

شانازی بە سەرە رووتاوەكەیەوە دەكردو

دەیوت ئەوە..

ئاوێنەی مێژووە

....

نیشتمانەكەم

پیاوێك بوو

تەرمەكەی ونبوو

رێورەسمێكی گەورەی ناشتنمان بۆ كرد

كۆمەڵێك لە هێژاكان ...ئامادەی بوون

ئەهریمەن

پێیان وتم كه..
وێنەكە بخەمە ژێر نوێنەوە
بەڵام
پەری مێردەزمەكانم
نوێنەكەیان دزی
بە سەر گیادا راكشام
چوومە قوڵایی دەریاكانەوە
سەركەوتمە بەرزترین ئاسمانەكان
بەڵام نەمئەزانی
كەلەپچەكانم
بۆ لای ئەهریمەنی دانیشتوی
نێو چێشتخانەكەم رامدەكێشن

## پێویستبوون

ئیتر پێویستیمان بە داری گوڵ نییە
خوێنی حەڵاڵكراو بە هەردوو دیوی رێگادا
لە هەستە مرۆییەكانم بە هێزترە
بە راستی پێكانمان نایە سەر
خەونێكی دێرین و..
هیوایەكی ون

## كات بە سەر چوون

**دایکم نەیفرۆشتم**

**وتی کە:**

**ئەفرۆشم**

**لە سەر رێگا دانیشتم**

**پارەیاندا،بەلاّم کەم بوو**

**هێز،لاواز بوو**

**هیوا،سست بوو**

**خۆشەویستی،پڕ نەبوو**

**....**

**زۆرو..**

**کەم**

**دوورو...**

**نزیك و...**

**رەنگەکانیش!!**

**....**

**تۆ لە کوێی دایکە؟**

**درۆم کرد**

**کات بە سەر ناچێ**

**دوای فرۆشتن نەبێ!!**

## خەوتوان

**پیاوی ئاسایش نوست**

**قۆلّی ژنەکان و..**

**کاغەزی نوسراو بپارێزێ**

دیخواست سوڕی مانگانه
سی رۆژ بێ
هەموو کاغەزە نوسراوەکانیش بسوتێن
تۆڵەیەکی دێرینی نێوان دوو هۆزی بیرکەوتەوە
بە خۆیی وت
خوا بیانگرێ

## تیژڕەوان

ئەوانەی کە بەقلّمدا ئەڕۆن
خێرا هەنگاو ئەنێن
رادەوەستن
بە ترس وپەشۆکاوییەوە
ئاوڕدەدەنەوە دوای خۆیان
دەترسن کەسێك بیانگرێ
کە خەونەکانم ریشەکێش دەکەن
هەر بە خۆیشم پشتگوێیان دەخەم و..
لاپەڕەی رۆژنامەکانیش
بە سەر وێنەکانیاندا دادەخەم

= ئیزابیل کەمال:کچە شاعیروەرگێڕی میسری،لە ساڵی 1964 لە پارێزگای ئەسکەندەرییە لە دایك بووە. ساڵی 1986لیسانسی لە بەشی زمان وئەدەبی ئینگلیزیدا لە زانکۆی ئەسیوت ،ساڵی، 1997 دیبلۆمی باڵای لە ئەدەبی بەراوردکاریدا لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە.ئەندامێکی کارای یەکێتی نوسەرانی میسرە.لێکۆڵەری رۆشنبیری

شانۆییە لە شانۆی منالآندا.چەندین کتێبی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی،هەروەها دوو کۆمەڵە شیعریشی بە چاپ گەیاندووە لەوانە(برینی رۆح)کە لە ماوەی ساڵێکدا دووجار چاپکرایەوە.لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ تەرخان ئەکرێ لە ماڵەوە بۆ وەرگێڕان.دوا کاری وەرگێڕانی رۆمانی(قەلآی سپی)ئۆرهان باموك نوسەری بەناوبانگی تورکییە کە ئەم ساڵ لە سەر ئاستی جیهان بۆ ئەو رۆمانە خەلآتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت.